


# ئێوارەی ڕەنگ مۆر

ئازاد پێنجوێنی
(سلێمانی)

ئەو پیاوەی کە بەناو چرپی گەڵا و گوڵەکاندا دەهات و دەچوو، گوڵێکی مۆری بەدەستەوە بوو، تەنانەت دڵیشی نەدەهات بۆ جارێکیش بێت بۆنی بکا، چاوی بە هەر چواردەوری باخچەکەدا دەجووڵاند، تا کۆتایی دارعەرعەرێکی بەرز دەڕۆشت و سەیرێکی دوا چڵی دارەکەی دەکرد.

– باڵا جوانەکەی لە دیدی منەوە لە باڵای ئەم عەرعەرە دەچێت، گەردن بەرز و ڕێکپۆش، زۆرم خۆش دەوێ.

ئەمەی وت و دووبارە بۆ ئەو سەری باخچەکە گەڕایەوە، بەڵام لەم سەرەوە بە تەنیشتی زۆر گوڵی تازە پشکووتوودا تێپەڕی، چونکە دەیگوت ئەوەی من چاوەڕێی دەکەم، زۆر شەیدای خونچەی گوڵە.

پیاوەکە زۆر دڵخۆش بوو، بە وردی سەیری هەموو ئەو گوڵانەی دەکرد، دواجار چاوی بە کورسییەکاندا گێڕا، تا بزانێ کامەیان بۆ دانیشتنی ئەو ژوانە گونجاوە کە بڕیارە لەو ئێوارەیەدا ساز بکرێت، کورسییەکی لەلای ڕاستی پەرژینەکان بینی کە لە پشتییەوە دوو دار ڕۆبیانی باڵا مام ناوەند هەبوون، چڵە باریکەلەکانیان، کە هەزاران گەڵایان گرتبووە خۆیان، سەریان بەسەر کورسییەکەدا شۆڕکردبووەوە.

لە دڵی خۆیدا گوتی: ئێرە زۆر باشە، کەسیش نامان بینێ، هەر کە گەیشت بە ڕێزەوە لێرە دایدەنیشێنم، سەرەتاش ئەم گوڵە مۆرەی پێشکەش دەکەم.

ئۆقـرەی لـێ بڕابـوو، بـەردەوام بـۆ ئـەو تەکسییانەی دەڕوانی کە بە شەقامەکەدا دەهاتن و دەچـوون، لـەوە دەترسـا بێتـە نـاو باخەکـە و ئـەم فریـای پێشـوازی لـێ کردنـی نەکـەوێ.

هـەر لەسـەر ئـەو کورسـییە لێـی دانیشـت، بـە دەستی بە هێواشی گوڵـە مۆرەکەی دەخولاندەوە، دەترسـا تـا ئـەو کاتـەی دەیداتـێ پەڕەکانـی هەڵنەوەرێـت.

کەوتە قسەکردن بۆ گوڵەمۆرەکە:

– تـۆ شـایەد بـە، هەرگیـز وەک جـاران دڵـم ناشـکێنرێ، چونکـە ئێسـتا خاوەنـی جوانتریـن دڵـی دنیـام.

(ڕووی کردە ئاسمان)

– خـودا باشـترین وەسـتای گەردوونـە لـە دووبارە بەیەکـەوە لکاندنـی پارچەکانی دڵـم لەسـەر زەوی، ئەوەتـا باشـترین ئەوینـی بـۆ نـاردووم کـە لـە هەناویـدا سـۆز و وەفـا و میهرەبانـی بـۆ ئـەو دڵـەم دروسـت کـردووە، هەمـوو ئـەو وشـانەی کـە جـاران لەبیرمـدا یەخسـیرکرابوون، ئێسـتا هەموویـان بـە هـۆکاری ئـەو ژنـە گەڕێنرانـەوە بـۆ نـاو ئـاوەزم، کەواتـە لەمـەودوا دەتوانـم بیخەمـە سـەر پەڕاوێکـی سـپی و بەبـێ تـرس چیرۆکـی ئەوینـی لـێ سـازبکەم.

جـار ناجارێـک چڵـی دوو دارەکـەی بـەرز دەکـردەوە و سـەیرێکی دەروازەی باخچەکـەی دەکـرد، تـا بزانـێ ئـەوەی بـەدڵ چاوەڕێـی دەکات دەرنەکەوتـووە، هـەرواش گوڵەکـەی بـە دەسـتی دەخولانـدەوە و لـە قسـەی ناودڵـی بـۆ گوڵەکـە بـەردەوام دەبـوو.

– عیشـق ژیانـە، ئەوانـەی پەیـڕەوی دەکـەن دەبنـە بـاران، کەوایـە سروشـت بـۆ ئەوانـە.

سـەیری چەنـد پەڵەهـەوری کـرد، تکەیـەک باران کەوتـە سـەرگوڵە مۆرەکە.

زۆر خۆشـحاڵ بـوو، پەنجـە تووتـەی بـە هێواشـی بـۆ پـەڕی گوڵەکـە بـرد و تکـەی بارانەکـەی بـە پەڕەکانیـدا بڵاوکـردەوە، وەک چـۆن کاتێـک بـاران دەکەوتـە سـەر ڕوخسـاری ئـەو ژنـە، هـەر بـەو جـۆرە بـەو پەنجەیـەی تکەکانـی بەسـەر گۆنایـدا بـڵاو دەکـردەوە.

هەسـتا و بـەدەم ڕۆشـتنەوە بە لێـواری پەرژینەکەدا تـا پەرژینـی دەرگاکـە ڕۆیشـت و ملێکـی بـۆ ئـەم لا و ئـەو لای شـەقامەکە بەرزکـردەوە و دووبـارە گەڕایـەوە ڕاڕەوەکـە و قسـەی بـۆ درەخـت و گوڵەکانـی نـاو باخچەکـە دەکـرد.

– جـاران کـە ئـەوم نەناسـیبوو ئـاوات و هیواکانـم تەرمێـک بـوون بـە چـاوی خـۆم دەمبینـی چـۆن لەبـەر دەممـدا ڕاکشـابوون، هەمـوو ئێوارانێک هەڵم دەگرتـن و لـە سـووچێکی وەهممـدا بـۆ بەیانییەکـی خـەم و خەفەتـاوی تـازە لەدایـک بـووم دادەنـان.

بۆ گوڵەکان دانەوییەوە:

– گوڵـە جوانـەکان بـە پێچەوانـەی ئێـوەوە کـە سـەردەردەکەن و بـاڵا دەکـەن، مـن دەچـووم بـە ناخـی زەویـدا و دەپووکامـەوە.

هەستا و چاوی بڕییە تەواوی باخەکە.

– ئـەی بـاخ، دڵنیابـە، تەنانـەت جوانـی ئێوەشـم لەیـاد کردبـوو، کەچـی ئێسـتا بەهـۆی ئـەم ئەوینەمـەوە هیـوا و ئاواتەکانـم بوونەتـە پەڵـە هەورێکـی چەرمـوو بەسـەر سـەرمەوە، بـۆ هـەر جێگایـەک بچـم بـە دوامـەوەن و بارانیشـیان پێیـە، ئەوەتـا بـە تـۆی باخیـش ئاشـنا بوومـەوە، چونکـە ئـەو ژنـەی مـن خۆشـم دەوێ لـە سروشـت بوونیـدا دایکـی هەمـوو سروشـتە.

کات زیاتـر بـەرەو ئاوابـوون دەڕوات، خـۆی و گوڵـە مۆرەکـە و باخەکـە لـە چاوەڕوانیـدان.

بەگوڵە مۆرەکەی وت:

– نەکەی زویر و سیس بیت.

نەبادا خاتوون لێت زویر بێت، تۆش وەک من چاوەڕێکە هەردێت، تەنانەت غەزەبیش ببارێت خاتوون پێی گوتووم دێم، خواردنیش دێنێت کە هیچ نەخۆم، چونکە پەڵپینەی بۆ لێناوم، ئەوەشی پێ گوتووم کە پەڵپینە باشترین گیایە بۆ زۆربەی نەخۆشییەکان، مادام هەوایەکی سارد و نسرم لەو باخچەدا هەیە، بۆ گەرم کردنەوەی هەناو زۆر باشە.

- ئای خوایە گیان ئەو چ ژنێکە ئا لەم زەمەنەدا، ئاوا باش و عیشق پەرستە.

لەم قسانەدا بوو، ژنە لە شوورەی باخچەکەوە دەرکەوت، بە هاتنی بۆ ناو دەروازەی باخچەکە بووە تێکەڵەیەک لە تەواوی گوڵ و گەڵاکان، بێجگە لەوەی جلوبەرگێکی سەرنجڕاکێش و ئاڵ و واڵای لەبەرکردبوو، زۆر بە نەرمی بەناو ڕاڕەوی گوڵەکاندا هەنگاوی دەنا، پیاوەکە بەرەو پیریی ڕۆشت، تا لە ئامێزی بگرێ و دەستە ناسکەکانی بگرێت و بەڕێزەوە لەسەر کورسییەکە دای بنێ.

تەواوی ڕاڕەوی باخچەکەی تەی کرد، تەنیا هەستکردن بە هەناسەکانی و بینینی مەنجەڵێک پەڵپینە، نەبێت کە بە سەرپۆشێکی مۆر پێچابوویەوە لە تەنیشتی گوڵەکان دانرابوو، ملوانکە پەمەییەکەی گەردنیشی بینی خۆی لە قەدی دار سنەوبەرێک ئاڵاندبوو کە بە سەرنجدان لە دارەکە، دەتگوت گەردنە بەرزەکەیەتی.

ناو باخەکە زۆر گەڕا، هەناسەی توند بووبوو.

- سوێند بە یەزدان ئێستە بەو چاوانەی خۆم بینیم هاتە ناو باخەکە، ئاخر ئەوە شتەکانیەتی، ئەی خۆی کوا.

ئەمەی گوت و ماخۆلانی تێکەوت، سۆراخی دەکرد و چاوی دەگێڕا، تەنانەت سەری دەبردە ناوەوەی پەرژینەکانیش، نەبادا خوانەکردە پێی هەڵخزابێ و کەوتبێتە ناو ئەو دڕک و داڵەوە.

خوڕە و هاژەی ئاو و دەنگی بلبل و نەغمەی بەسۆزی گۆرانی بەڵێنی ئەویندارانە هاتە بەرگوێی، بەناو باخەکەدا دەهات و دەچوو تا بزانێ لە کام پشتی دارێکەوە ژنە بۆ شۆخی کردن خۆی حەشارداوە و گۆرانی دەچڕێت، ئاخر هەرکات گوێی لە دەنگی بووبێت، هەر بەو سۆز و ئاوازە، کە جارجارە بەدەنگە خۆشەکەی یەک دوو کۆپلە گۆرانی بۆ گوتووە و چەشنی هاژەی ئاو و دەنگی بلبل قسەکانی گەیشتووەتە ناخی ئەم پیاوە.

- ئای گیانەکەم خۆ تۆ ئێستە هاتیتە ناو باخچەکەوە بۆ دیار نیت.

وەک دێوانەیەک کونوقوژبنی باخەکە گەڕا، تەنانەت چەند جارێک چووە دەرەوەی باخەکە و بێ ئاکام بوو دەگەڕایەوە.

باخەکە ڕەنگی تاریک و ڕوونی گرتووە.

دووبارە گوێی لە دەنگی سرتەی با و هاژەی گەڵاکان بوو، کاتێک با لێی دەدان و دەیخستنە سەر زەوییەکە و دەنگی ڕۆیشتنی پێیەکانی ئەو ژنەی دەهاتەوە یاد کە بەسەر گەڵا کەوتووەکانی ڕاڕەوەکەدا بە نەرمی هەنگاوی دەنا، ڕاستییەکەی هەموو ئەمانە مێشکیان داگیر کردبوو، کەچی نەیدۆزییەوە.

هەنگاوی بەرەو دارعەرعەرە بەرزەکە نا، بەنیاز بوو بچێتە سەر دواچڵی تا لەو بەرزییەوە بۆی بگەڕێ، لەوانەیە لەناو کۆڵانەکاندا بەرچاوی بکەوێ، زۆریش دەترسا، چونکە هەرگیز نەیوێراوە لە ژیانیدا بۆ جارێکیش بێت بەسەر داردا سەرکەوێ.

بەخۆی گوت: بەڵام عیشق ترس ناناسێ.

هێزی دایە خۆی، هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو سمۆرە ئاسا بەسەردارەکەدا سەرکەوت.

چووە دوا چڵی دارعەرعەرەکە چەند جارێک

چاوەکانی هەڵگلۆفی و کردنییەوە، ڕاستییەکەی دەشترسا، چونکە یەکەم جاریەتی و لەسەر دواچڵیش بێ.

بەڵام زۆر دڵخۆش بوو ترسی ڕەوییەوە:

- وای تەواوی ئاسمان و شار یەک پارچە بوونەتە ڕەنگ و ڕوخسار و باڵای ئەو، کەوایە ئەم ژنە مرۆڤ نییە فریشتەیە، بۆیە لێم ون بووە.

سەیری ناو باخەکەی کرد، باخەکە یەک پارچە بووبووە چاوە زەردباوەکانی، ئەوەندە دڵخۆش بوو، دڵی خەریک بوو دەوەستا، لەسەر چڵی دارەکە دەستی کرد بە سەما کردن، ئەوەندە سەمای کرد کەوتە خوارەوە و گیانی بەر کورسییەکی تەختەی باخچەکە کەوت و لە هۆشی خۆی چوو، بەڵام ئەو گوڵە مۆرەی دەستی هەر لەناو دەستیدا مابووەوە و توند گرتبووی.

هەمان ئێوارە بەڵام دوای چەندان ساڵ.

لەسەر هەمان ئەو کورسییە لەگەڵ ئەو ژنەدا دانیشتووە و ژنەکە بەسۆزەوە پەڵپینە دەکات بەدەمیەوە، جارجارە بە دەستەسڕێک دەمی بۆ دەسڕێ، چونکە بەهۆی کەوتنە خوارەوەکەوە لەسەر عەرەبانەیە و ئیفلیج بووە.

بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە هیواوە بە ژنەکەی گوت چاوەکانت بنووقێنە دەمەوێ شتێکت پێ بدەم. ژنەکە وای کرد، پیاوەکە بە زەحمەت خۆی گەیاندە چڵی گوڵەکان گوڵێکی مۆری لێ کردەوە و بە سۆزەوە دای بە ژنەکە، لە چاوەکانیشییەوە هەم ژنەکە و هەم باخچەکەش ڕەنگی مۆریان لەخۆ گرتبوو، هەردووک ڕووگەش لە شوورەی باخچەکەوە تێپەڕین، لەنێو نوقمی تاریکیدا تەنیا گوێمان لە قاقای پێکەنینیان دەبوو.